## تەنها پرسیارێک لە نەجوا خان؟! ... کامەران ڕەوف فەرەج

بابەتێکی تۆم خوێندەوە لە سایتە خۆشەویستەکەی کوردستانێت لە 14-9-2005 لە ژێر ناوی کێ لە دونیای نووسین تازەیە.

هەرکەس ئەو نووسینەی خوێندەبێتەوە گومانێکی زۆر ڕووی تێدەکات، چونکە لەو نووسینەت باسی ڕوخساری خۆت ئەکەی کە جوان نیە! بۆیە وێنەی خۆت بلاو نەکردۆتەوە، کەچی بابەتەکەی ئەمرۆتم خوێندەوە لە کوردستاننێت، وێنەیەکی خۆتی لەگەڵ بوو، پێچەوانەی قسەکەی پێشووتە.

جا من ناچمە سەر ئەو باسە ئەمە وێنەی خۆت بێت یان نا؟

تەنها وەك لێکۆڵینەوەیەك لە بابەتەکەی پێشوت و ئەم ڕوخسارەت کە ئێستا دیارە، دڵنیا نەبونێك لای خوێنەران دروست ئەکات، لە سەر ئەم وێنەیەو قسەکەی پێشوت.

نەجوا خان ئێستا لەم سەردەمی عەولەمەو ئێنتەرنێتە، بەداخەوە زۆر جار یاری بە وێنەی مرۆڤە کان دەکرێت، وە دزینی وێنەی خەڵکی لە ڕێگەی زانستە تازەکانی دوونیای کۆمپیتەر زۆر جار یاری بە چارەنووسی کەسەکان دەکرێت.

وە زۆر لەسەرکردەکانی کوردو کەسایەتیەکان بێبەش نەبوون لەم کارە نامرۆڤانەیە بە دەستی کەسانێکی نەفام وبێ ڕەوشت،

چونکە هەندێ جار کەسانێك بە ناوی خوازراوە ئەنووسن وێنەی کەسێکی نامۆ بە کورد بلاو دەکەنەوە لە جیاتی خۆیان بۆ ئەوەی ئەو ژەهرەی پێیانە لەم ڕێگەوە هەڵی ڕێژن،

ئەمە ڕای خۆمە کە دوو دڵیەك دروست بێت لە پیشاندانی وێنەکەت، لەگەڵ قسەکەی پێشوت، چونکە لە وولاتە پێشکەوتوکانی جیهان ئەبینین دوای ڕوداوێك چەندین موحەقیق ئەسبابی ڕووداوەکەو چۆنێتی ئاشکراکردنی دەخەنە سەر باس ولێکۆڵینەوە،

من تەنها ئەو سەرنجەم هەبوو لەگەڵ هەندێ وورده کاری نووسینەکانت لە نێوان بابەتێك بۆ بابەتێکی کەت، کە دژ بەیەك دەبن، وە ئەوە جێدێلم بۆ ئەوانەی کە لە سەری ئەنووسیت، چۆن بۆ تۆ ڕەوایە بەرگری لەخۆت دەکەی، وە مافی ڕەوای هەر مرۆڤیکە کە دژی خۆی یان بەرنامەو حیزبەکەی نووسرا بەرگری لێبکات بە شێوەیەکی منتقی و دوور لە ووشەی بازاڕی.

تێبینی : خوێنەرێکی ڕۆژانەی سایتی خۆشەویستی کوردستان نێت.

داوا لە هەموو نووسەرێکی دڵسۆزی کورد دەکەم خۆیان بپارێزن لە دەربڕینی ووشەی ناشایەستەو نامرۆڤانە، وە زیاتر پەنا بۆ زمانی لەیەکگەشتن و یەکتر خوێندوە بەرن، چونکە وولاتمان موڵکی تەنها پارتێك نیە، هەرکەس بیرکردنەوەی وابێت ئەوە، ئەوە لە مانای دیموکراسی نەگەشتوە.